شەپۆلی باران و سەرما ووە لە هەرەمی کوردستان دەکات

دەستەی کەشناسیی عەراق پێشبینیکرد لەسەرەتای ناوەڕاستی هەفتەی داهاتووەوە، بەتایبەتی ڕۆژانی دوشەممە و سێشەممەی داهاتوو، بارستە هەوایەکی ساردو جەمسەریی عەراق بگرێتەوە.

دەستەکە ڕاشیگەیاندووە کە ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو هەوایەکی ساردی جەمسەریی بەخەرایی دەگاتە هەرەمی کوردستان، بەمەش پلەی گەرمی 8 تاوەکوو 10 پلە بەراورد بەڕۆژێک پێشتر نزمدەبێتەوە و پلەکانی گەرما لەناوچەکانی ڕۆژئاواو ناوەڕاست بەبەغداشەوە نزمدەبێتەوە، لەباشوریش وەک خێی دەمێنێتەوە و گەڕانێکی ئەووتەی نابێت.

باسی لەوەشکردوە، ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە پلەی گەرما لەهەرەمی کوردستان زۆر دادەبەزێت، ئەمەش مانای هاتنی شەپۆلێکی بەهێزی کەشوهەوای ساردی زستانە دەگەیەنێت، بەڵام ئەم ساردییە بەس نییە بە ئەوەی بڵفر بە هادەیەکی کەم ببارێت.

جەختیکردەوە، ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو هەوای ساردو باران ناوچەکانی هەرەمی کوردستانە و باکووری ڕۆژهەڵاتی عەراق دەگرێتەوە، هەرچەندە بارانەکە کورت مەودایە لەگەڵ بڵفبارین لەناوچە شاخاوییەکاندا.

ڕونیشیکردەوە پلەکانی گەرما بە ژێر 20 پلە نزم بێتەوە، هەروەها لەکۆتایی هەفتەی داهاتودا پلەی

گەرما لەبەغدا دەبەتە 16 پلەی سەدیو ڕەنگە لەموسڵو ناوچەکانی هەرەمی کوردستان بە 12 پلەی سەدی دابەزێت.